ژمارە:115

بەروار:2022/12/26

**کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەست دەکات بە جێبەجێکردنی پلانەکانی سراتیجی.**

**کۆمیسیۆنی هەڵبژادنەکان برواد‌ەکات بە پەیوەندی راستەوخۆ بە دەنگدران لە ریگای ژمارەی خۆرایی(5667) .**

**سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەدواداچونەوە دەکات لە سەر چۆنێتی بەرێوەچونی کاری ناوەندەکانی تۆمارکردن .**

**کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بەدواداچونەوە دەکات بۆ ژمێریاری کۆتایی حزبە سیاسیەکان .**

**کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان پاڵپشتی لۆجستی پێشکەش دەکات بۆ هەڵبژاردنی قوتابی نمونەیی لە قوتابخانەکان .**

**ووتەی هەفتانە**

بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی پیلانی ستراتیجی بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ زیادەکردنەوەی هۆشیاری هەڵبژاردنەکان لە لای دەنگدەران بە هەموو جۆرەکانیەوە ، ئەنجومەنی کۆمیسیاران ئاراستەی کرد بۆ لە ئەستۆگرتنی میکانزمی پەیوەندی کردن بە هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە دەزگا حکومیەکان وریکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وهاوپەیمانیە حکومیەکان وکۆمەڵگای مەدەنی بە شێوەیەکی راستەوخۆ وناراستەوخۆ لە رێگای پێکهێنانی نەدوەی رۆشنبیری ودانشتنی گفتوگۆیی بۆ یارمەتیدان بۆ فراوانکردنەوەی چوارچێوەی رۆشنبیری هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەك لە بەرژەوەندی زیادەکردنی رێژەی تۆماری بایۆمەتری کەوا ئەنجامەکەی گەیشتوەتە تۆمارکردنی (485.0072) دەنگدەر لە ئەوانە لەدایکبووە نویەکان بۆ ساڵی **2004** کەوا ژمارەیان گەیشتە (119.086) دەنگدەر هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ژمارەی ئەو کارتانەی کەوا دابەشکراوە گەیشتوەتە (625.246) کارتی بایۆمەتری دەنگدانی گشتی دابەشکردوە ، و (106.084) کارتی بایۆمەتری دەنگدانی تایبەت ، دەربارەی کارتی ئاوارەکان وراگویزراوان ژمارەیان گەیشتوەتە (46.627) کارتی بایۆمەتری بە ئامادەبوونی چاودێری ناوخۆیی ، و بریکاری حزبی سیاسی ، بۆ ئەوانەی کەوا گرنگی دەدەن بە هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەرِی ئەلیکترۆنی فەرمی کۆمیسیۆن بکەن https://ihec.iq/biometric-registration .

ولە بارەیەکی پەیوەندیدارەوە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ناوەندی پەیوەندی کردنی دامەزران لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی ببێت بە یەکێك لە ئامەرازەکانی پەیوەندی راستەوخۆ بە جەماوەری دەنگدەرانەوە بە مەبەستی پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ گەیشتن بە دەنگدەرانەوە لە رێگای وڵامدانەوەی پرسیارەکانیان کەوا پەیوەندی هەیە بە رێکارەکانی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنەوەی کارتی دەنگدەری بایۆمەتری لە رێگای ژمارەی خۆرایی (5667) وەڵامی پەیوەندیەکان دەدرێتەوە لە لایەن کارمەندە خاوەن پسپۆرێەکان بۆ زیادەکردنەوەی هۆشیاری لە بەر بەرژەوەندی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ، هەروەها ئەم ناوەندە سیستمی تەکنولۆجیا لە خۆدەگرێت بۆ ئەوەی دەنگدەر بگات بە هەموو زانیاریەکانی تایبەت لە رێگای ژمارەی دەنگدەرەوە کەوا لە سەر کارتی دەنگدەر نووسراوە .

هەروەها لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی بەردەوام ، سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجامدا لە رێگای بازنەی ئەلیکترۆنیەوە لە گەڵ سازگەرانی بازنەی یەکەم لە پارێزگای زی قار وبەرێوبەرەکانی ناوەندەکانی تۆمارکردنی ئەم بازنە ، بەئامادەبوونی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی کۆمیسیاران وپاریدەدەری هونەری

سەرۆكی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەكان ، بۆ پەیوەندی كردن وبەدواداچونەوەی كارەكانیان ، هەروەها ئاشنابوون لە چۆنێتی بەرێوەچونی كارەكان لە لایەنی هونەری وكارگێڕی ، ودارایی لە گەڵ دابینكردنی پێداویستەكانی پێویست بۆ داواكاریەكانی كار بە شێوەیەك بەدیكردنی جەودەی گشتی مسۆگربكات بۆ كاری هەڵبژاردنەكان .

هەروەها لیژنەی هونەری تایبەت كارەكانی تەواوكرد دەربارەی دووبارە بەكارهێنانەوەی پەڕاوەكانی دەنگدان كەوا بەشێوەیەكی ئەلیكترۆنی پێشتر پارێزراوە ، بە رێكەوتن لە گەڵ وەزارەتی پیشەسازی/ كۆمپانیای گشتی پیشەسازی بترۆكیمیاوی ، لە پارێزگای بەغداد/رسافە وكەرخ ، هەروەها دەستیكرد بە كاركردن لەسەر پەڕاوەكانی هەردوو ئۆفیسی هەڵبژاردن (دیالە وئەنبار) هەروەها بەشێوەیەكی بەردەوام كاردەكرێت تاوەكو كۆتایی ساڵی زاینی ، هەروەها جێبەجێكردنی دەقەكانی یاسای حزبەكان ژمارە (36) بۆ ساڵی 2015 مادەی (39) كەوا دەقەكەی دەڵێت (هەموو حزبێك پێویستە ڕاپۆرتی ساڵانە پێشكەش بكات بۆ دیوانی چاەدێری دارایی ) فەرمانگای كاروباری حزبەكان كاری كردوە لە سەر حزبەسیاسیەكان ورێكخرۆاوە سیاسیەكان لە كۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەكان بە بانگیشكردنی (265) حزب بۆ ئامادەكردنی ڕاپۆرتەكانیانی دارییان بۆ ژمێریاری كۆتایی ساڵانە بۆ حزبە تۆماركراوەكان وپێدانیان بۆ كۆمیسیۆن ، بۆ بەدواداچونەوە كردنیان هەروەها ناردنیان بۆ دیوانی چاودێری فدراڵی دارایی ، وێڕای چاودێری كردنی حزبە سیاسیەكان وبەدواداچونەوەیان وهەڵسەنگاندنی كارەكانیان وجێبەجێكردنی دەقەكانی یاساكە.

هەروەها بۆ بەتۆاناكردنی تۆانای قوتابیەكان لە بواری سەركردایەتی هەروەها ئەنجامدانی مافەكانیان لە هەڵبژاردنی ئەوانەی كەوا نوێنەریان دەبێت وهاندانیان بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنی داهاتوو ، وئامادەكردنی نەوەیەك بڕوای هەبێت بە دیموكراسی ئاڵوگۆڕكردنی دەسەڵات ، هەروەها هەردوو ئۆفیسی پارێزگای هەڵبژاردنەكان لە پارێزگای (بەغداد/رسافە،بابیل، قادسیە، وكەربلا) هەڵدەستان بە ئەنجامدانی پرۆسەی ئاخاوتنی هەڵبژاردنی بەناوی(هەڵبژاردنەكانی بەرلەمانی قوتابیەكان) كەوا پرۆسەی دەنگدان ئەنجام درا بەپێی رێكارەكانی كۆمیسیۆن لە قوتابخانەكانی پارێزگاكان ، هەروەها كەلوپەلی لۆجستی دابین كردوە بۆ ئەم قوتابخانانە وەكو (سندوقی دەنگدان وكابینەكانی دەنگدان) هەروەها ڕاهێنانی كارمەندەكانی قوتابخانەكان بۆ ئامادەكردنی تۆمارنامەی دەنگدەران بۆ قوتابیەكانی قوتابخانەكان هەروەها ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگدان بۆ هاندانی دەنگدەرە نوێەكان لە قوتابیەكان بۆ بەشداری كردنی بەكارا لە پرۆسە تۆماری بایۆمەتری وپێدانی كارتی دەنگدەر ، وێڕای رێكەوتن لە گەڵ وەزارەتی پەروەردە ، بۆ بڵاوكردنەوەی تیمی گەڕۆك لە قوتابخانەكان بۆ تۆماركردنی بایۆمەتری قوتابیە لەدایكبوە نوێەكان .

ووتەبێژی ڕاگەیاندن